# با کەسوکاری قوربانییەکان فەرامۆشتر نەکرێن !!

**سەلاّح مەزن ـ هەولێر**

شاراوە نییە کە پرسی هەڵەبجە, ئەنفالو جینۆسایدکردنی گەلی کورد, لە دوای راپەڕینی ئاداری 1991 لەسەر ئاستی سیاسی, دیبلوماسی, مرۆیی و رایگشتی نێوخۆو نێونەتەوەیی پانتاییەکی فراوانی لە گرنگیپێدان وەدەستهێنا, پرسێکی ئەوتۆ کە بەردەوام لە ویژدانی گەلەکەمانو مرۆڤایەتی پڕ کاریگەر بووە, نەباداش لە ساڵیادی یادەوەرییەکانی ئەو کارەساتانەدا, کە میدیاکانو نێوەندی جیاجیای کوردی لەوانەش دامەزراوەکانی حکومیو میللی بۆ چەند رۆژێك باسیان لەسەر یادەوەریو مەینەتییەکان هەبووەو سۆزو نوزانەوەیان پیشانداوە, ئیتر سالاّنە ئەو سیناریۆی نوزانەوەو فرمێسك هەڵڕشتنە خۆی دووبارە دەکاتەوە, کەچی تەماشا دەکەین, لەسەر ئەرزی واقیعا گفتو بەڵێنەکان بەرجەستە نابن!! خۆزگەکان لە مەودای کارو کردەوەدا,کورت دێنن!!ئەگەر کوردستان ولاّتێکی بێپلان و بەرنامە بێو, لە ریزی ولاّتو ناوچە دواکەوتووەکان بژمێردرێ, ئەوە هەڵەبجەو ئاسەوارو پاشماوەکانی دیکەی جینۆساید, وەك تابلۆیەکی شێواو لەسەر نەخشەی کوردستان دەردەکەون !

دیارە لەو نێوانەدا,من ناڵێم هەر هیچ نەکراوە, بەلاّم هەر بۆ نمونە هێنانەوەو بەراوردکاریکردن, گەر سەیرێکی ئەو جێگایانە بکەین بەر شالاّوەکانی جینۆسایدکردن کەوتونە, لەوانەش شاری هەڵەبجە ناوچەکانی گەرمیان, بالیسانو..تاد.. , ئەمجار بەراوردێکیان بکەین لەگەڵ هەندێ شارو شارۆچکەی دیکەی ناوچەکانی دیکە, بە روونی دیارە کە ئەو شوێنانە لە چاو ئەو مەینەتیو قوربانییە زۆرەی کە پێشکەش یە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەیان کردووە, زۆر کەم کاریان بۆ کراوە, کە ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ, بە چنگ ژمارەیەك گیروگرفتی رۆژانە دەتلێنەوەو خۆیان دەخۆنەوە, دەبوو شارۆچکەی هەڵەبجە, گەرمیان و بگرە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە پێی ئەو داهاتە زۆرەی کوردستان هەیەتیو ئەو هەموو کۆمەکییەیکە لە دوای کۆچڕەوی گەلەکەمانو گەورەیی مەینەتییەکانی کیمیابارانو ئەنفالەکانەوە, کە لە ماوەی 15 ساڵی رابردوو بەدەستی حزبو دەسەلاّتی کوردی گەیشتووە, دەبوو بەلانی کەم شارۆچکەی هەڵەبجە, وەك شارۆچکەیەکی نمونەیی لە جوانیو بە دیمەنی گەشتیاری خۆی پیشان دابایەو,دانیشتوانەکەشی کە قوربانی راستەوخۆو مەینەتدیتووی کارەساتەکەن, لە شارۆچکەیەکی بە دیمەن جوانو پڕ لە خزمەتگوزاری کۆمەلاّیەتی, ژیاری,کەلتووریو شارستانی هەناسەی پاکیان هەڵمژیبایە.

دەبوو هەڵەبجەی وێرانو خاپور وەك پێشانگایەكو شوێنەوارێکی بەر کیمیا کەوتوو, وەك خۆی بمابایەوە, کەئەو دەمەش کەلاوەکانی وەك وێنەو دیکۆمێنتێکی زیندوو, سەرنجی مێوانو گەشتیارە بیانییەکانی دەهەژاندو تاوانەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی زیاتر تێدا رەنگ دەدایەوە, لەو لاشەوە هەڵەبجەیەکی هاوچەرخو نوێ بنیات نرابایە, کە لە هەموو ئاسەوارە ترسناکەکانی پاشماوەی چەکی کیمیایی بێگەرد کرابایە,چونکە تا بەو دەمە دەگات مەترسی ژاراوییبوونی خاكو ژینگە بۆ سەر دانیشتوانەکە کاریگەری زۆری ماوە!!

لە پێناو هەڵەبجەیەکی جوان کە شایستە بە هەموو ئەو قوربانییە زۆرە بێ, ئیتر بەسیەتی ئاخوئۆف هەڵکێشانو یادەوەریو مەراسیم گێڕان, با لە پاڵ ئەووش, چاکتر وانییە, بە کردەوەو هەنگاوی بەجێ کار بۆ قوربانیانو دانیشتوانەکەی بکرێت؟

دەبوو هەڵەبجە لەسەر نەخشەکارییەکی سەردەمانە, جادەکانی قیرتاوو بەرین, رازاوە بە باخو گۆڕەپانی خاوێنو بەدیمەن, قوتابخانەو خوێندنگای نموونەیی وەك ئەوانەی لە سلێمانی, هەولێر, دهۆكو.. تاد..ئاوابکرابانەو, دەبوو لە نەخۆشخانە,تاقیگەو خزمەتگوزاری تەندروستی لە کوردستان بێ وێنەبوایە!! لەو شارە دێرینە کە لانەیەکی درەوشاوەی ئەدەبو هونەر بووە, کوانێ شانۆ کوانێ سینەماو هۆلی ئاهەنگگێڕان؟ شارۆچکەی هەڵەبجە کە ئەمڕۆ بۆتە جێگا بایەخی نێونەتەوەیی نێوەندەکانی مرۆڤایەتی, مێوانێکی زۆر لە هاوسۆزو گەشتیاران ,هەروا نێردەی دەستەخوشکەکانی لە هیرۆشیماو شارەوانییە جیاجیاکانی جیهان رووی تێدەکەن, بە تایبەتیش لە کاتی یادەوەرییەکاندا , وا باشتر نییە ئەو شارەش لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری گەشتیاری بێبەش نەکرێ؟ ئاخۆ پێویست بەوە ناکات لە هەلەبجە,گەرمیان,بارزانو بگرە لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور سەنتەری زانیاری دابمەزرێن,کە بۆ هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوە, پلاندانانو ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری کۆمەلاّیەتی, تەندروستی, ژیاریو کەلتوری و چەندان بواری دیکە سوودی زۆریان دەبێ, دیارەزۆر

شت ماوه که بیلێم, من ئەوانی دیکه بەجێدێڵم بۆ دانیشتوانی مەینەتدیتووی هەڵەبجەو قوربانیانی کیمیاباران, ئەنفالو جینۆساید, که ئەوان خاوەنی راستەقینەی ئەو پرسه گەورەیەی نەتەوەیی مرۆیی گەلەکەمانن, جا به چ شێوەو ئامرازێك به شیاوی دەبینن با داکۆکی لەو داواکارییه رۆژانەییو چارەنوسسازییەی خۆیان بکەن, دیاره بەر لەوە, ئەرکی سەرشانی حکومەتی ( یەکگرتوو) هەرێمی کوردستانه به پرۆژەی گەورەو ستراتیژی ئاور لەو ناوچه وێرانو خاپور بوانه بداتەوە.

چونکه ئەو پرسانەی که له رووی سیاسی, دبلۆماسی و کۆمەکی لەسەر ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەیی دەسکەوتی زۆری بۆ ئەزموونی گەلەکەمان هەبووە, دەبا بەرکۆڵێك لەو بەری کۆمەکی و دەسکەوتوانه بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی کەسوکاری مەینەتیو قوربانییەکان بێت. شکور گەر پێشتر رەوشەکه لەوێ نالەبار بووە, خۆ ئەمرۆ ئارامه.